# ئاڵنگارییەکانی بەردەم پابەندبوون بە ڕێسای ڕەفتاری دادوەران لە هەرێمی کوردستان

**ئالان بەهائەددین عەبدوڵڵا**، دکتۆرا لە یاسا – مامۆستا لە کۆلێژی یاسا/ زانکۆی سەڵاحەددین

**پێشەکی**

دەسەڵاتی دادوەری بە یەکێک لە گرینگترین سێ دەسەڵاتە سەرەکییەکەی حوکمڕانی لە وڵاتان دادەنرێت، چونکە پاراستنی مافەکان و بەدیهێنانی سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی، پەیوەستە بە چۆنێتیی کارکردن و سەربەخۆبوون و بیرکردنەوە و ڕەفتاری ئەم دەسەڵاتە لە ڕێگەی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنی دادگەکان، هەروەها دادوەرەکان بە هەموو پلەکانیانەوە.

بۆ یەکەم جار لە مێژووی هەرێمی کوردستان، دەسەڵاتی دادوەری بە یاسای ژمارە 14ی ساڵی 1992 دامەزرا و تاوەکوو ئێستایش بەردەوامە لە کارکردن، بەڵام لەژێر چەتری یاسای دەسەڵاتی دادوەری، ژمارە 23ی ساڵی 2007. ئەم دەسەڵاتە لەلایەن ئەنجومەنێکەوە نوێنەرایەتی دەکرێت کە پێی دەگوترێت "ئەنجومەنی دادوەری" کە بە بەرزترین دەسەڵات لەنێو دەسەڵاتی دادوەری هەژمار دەکرێت و، بەپێی ماددە 33 لە یاسای ژمارە 23ی ساڵی 2007، ئەم ئەنجومەنە پێک دێت بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی دادگەی پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان و جێگرەکانی، هەروەها سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیی دادوەری و سەرۆکی داواکاری گشتی و سەرۆکی دادگەکانی تێهەڵچوونەوە لە هەرێمی کوردستان. هەر بەپێی ماددە 34 لە هەمان یاسادا، ئەم ئەنجومەنە کۆمەڵێک دەسەڵات و ئەرک پیادە دەکات کە گشتیان پەیوەستن بە بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردن و چاودرێریکردنی کاروباری دادگەکان و دادوەرەکانی هەرێمی کوردستان بە هەموو پلەکانیانەوە.

یەکێک لەو بابەتانەی کە پێویستە ئەنجومەنی دادوەری بەوردی چاودێریی بکات، بریتییە لە چۆنێتیی ڕەفتارکردنی دادوەران لە کاتی دادبینی و لە دەرەوەی دادبینیدا لەگەڵ پارێزەران و هاووڵاتیان و دادوەرە هاوپیشەکان و سەرۆکی دادگەکان و سۆشیال میدیا و دەزگەکانی ڕاگەیاندن و هتد. بۆ پیادەکردنی ئەم چاودێرییە، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو ئەنجومەنی دادوەری، پشتی بە ماددە 50 لە یاسای ژمارە 14ی ساڵی 1992ی هەڵوەشاوە و، هەروەها ماددە 52 لە یاسای ژمارە 23ی ساڵی 2007ی بەرکار بەستووە بۆ ڕێکخستن و یەکخستنی ڕەفتاری دادوەران، بەڵام ئەم ماددانە وەک پێویست نەبوون؛ بۆیە تاوەکوو ئێستا نەتوانراوە ڕەفتاری دادوەرەکان یەک بخرێت. هەر بۆیە کار کرا بۆ دەرکردنی ڕێسای ڕەفتاری دادوەران بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ئاماژەپێکراو.

**دەرکردنی ڕێسای ڕەفتاری دادوەران لە هەرێمی کوردستان**

لە دوای زیاتر لە 30 ساڵ لە پێکهێنانی دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان بە نوێنەرایەتیی ئەنجومەنی دادوەری، لە کۆتاییدا ڕێسایەک بۆ ڕێکخستن و یەکخستنی ڕەفتاری دادوەران لە هەرێمی کوردستان

دەرکرا بە ناوی "مدونة سلوك القضاة لإقليم كوردستان – العراق رقم 1 لسنة 2023" و لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری بە بڕیاری ژمارە 2251 لە ڕێکەوتی 01/08/2023 دەرکراوە.

ئەم ڕێسایە بە یەکەم ڕێسای لەم شێوەیە دادەنرێت و پاڵپشت بە مادده 67 لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان ژمارە 23ی ساڵی 2007 دەرکراوە و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە 308 لە ڕێکەوتی 10/08/2023 بڵاو کرایەوە و هەر لەم ڕێکەوتەوە بەرکار بووە.

ئەم ڕێسایە دابەش کراوەتە سەر 13 فەسڵ و، لە 70 مادده پێک دێت کە چەندان بابەتی لەخۆ گرتووە وەک: پاراستنی سەربەخۆیی دادگە و دادوەران، قەدەغەکردنی دژیەکبوونی بەرژەوەندییەکان، بێلایەنبوون، دەستپاکی، یەکسانی، لێوەشاوەیی، لێهاتوویی، ڕێزگرتنی پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ، پیادەکردنی ماف و ئازادییەکان و، ڕێکارە بەرزەفتکارییەکان.

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە: ئەم ڕێسایە لەسەر شێوەی ڕێنمایی و تەنیا بە زمانی عەرەبی دەرکراوە و ئەمەیش دروست نییە، چونکە زمانی فەرمیی هەرێمی کوردستان "کوردی"یە و، نابێت لە دۆکیومێنتە فەرمییەکاندا زمانی کوردی پشتگوێ بخرێت. بۆیە ئەم هەڵوێستەی ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان جێگەی ڕەخنەیە و، پێویستە بە زووترین کات بە زمانی کوردییش دەربکرێت و لە وەقایعی کوردستان بڵاو بکرێتەوە.

ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە لامان ڕوون نییە ئایا ئەنجومەنی دادوەری ڕاوبۆچوونی تەواوی دادوەرەکانی لەمەڕ ناوەڕۆکی ئەم ڕێسایە وەرگرتووە؛ چونکە ئەگەر ئەم کارەی نەکردبێت، ئەوا ڕادەی پابەندبوون بە ناوەڕۆکەکەی کەمتر دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی توێژینەوەکان سەلماندوویانە بەشداریکردن لە دروستکردنی بڕیار، ڕادەی پابەندبوون بە ناوەڕۆکی بڕیارەکە بەرز دەکاتەوە.

هەرچۆنێک بێت، دەرکردنی ئەم ڕێسایە بە هەنگاوێکی گرینگ دادەنرێت بۆ پاراستنی شکۆی دادوەران و لە پاشاندا دادگەکان و لە کۆتاییشدا تەواوی دەسەڵاتی دادوەری، چونکە لە ئێستادا گومان دەخرێتە سەر ئەم شکۆیە و قسەی زۆری لەبارەوە دەکرێت بە دیوە نێگەتیڤەکەیەوە.

**ئامانج لە دەرکردنی ڕێسای ڕەفتاری دادوەران لە هەرێمی کوردستان**

یەکێک لە کەموکوڕییەکانی ڕێسای ڕەفتاری دادوەران لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە بەبێ ئامانج دەرکراوە، چونکە هیچ ماددەیەک لە سەرەتای ئەم ڕێنماییەدا بۆ دیاریکردنی ئامانجەکانی ئەم ڕێسایە تەرخان نەکراوە؛ ئەمە جگە لەوەی هۆکارەکانی دەرچوونی لەگەڵدا نییە کە لە کۆتاییی یاسا و ڕێنماییەکاندا دەنووسرێتەوە بۆ ئاماژەدان بەو هۆکارانەی کە پاڵنەر بوونە بۆ دەرکردنی یاسا، یان ڕێنماییی پەیوەندیدار.

بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، ئامانجی سەرەکی لە دەرکردنی ڕێسای ڕەفتاری دادوەران لە وڵاتاندا بریتییە لە پاراستنی شکۆی دادگەکان و پتەوکردنی متمانەیە بە دادگەکان و دادوەران، چونکە هەبوونی ئەم شکۆ و متمانەیە هۆکاری سەرەکیی هێنانەدیی سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا. هەر لەم سۆنگەیەوە، لە هەشت ماددەی جیاجیادا لە ڕێسای رەفتاری دادوەران تیشک خراوەتە سەر متمانەبوون بە دەزگەی دادوەری و خودی دادوەران و، لە بەرامبەردا لە شەش ماددەدا ئاماژە بە پاراستنی شکۆی

دادگەکان کراوە.

بێ گومان پاراستنی ئەم شکۆیە و پتەوکردنی ئەم متمانەیە، لە ڕێگەی دیاریکردنی هەموو ئەو ڕەفتارانە دەبێت کە پیادەکردنیان دەبێتە هۆی نزمکردنەوەی شکۆی دادگەکان لە چاوی جەماوەر و کەمکردنەوەی متمانەی هاوولاتیان بە دادوەران. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، نابێت ئەوە لەبیر بکەین کە دادوەر، وەک هەر کەسێکی تری ئاسایی، مرۆڤە و خاوەنی ژیانی تایبەتی خۆیەتی؛ بۆیە ڕێسای ڕەفتاری دادوەران، ئەگەرچی کۆتوبەندی زۆری تێدایە لەسەر ڕەفتار و گوفتاری دادوەران، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەوڵی داوە کە جۆرێک لە هاوسەنگی لە نێوان ئەرکی دادوەر لە وەزیفەدا لەگەڵ ژیانی تایبەتی خۆی دروست بکات، چونکە ئامانج لە ڕێسای ڕەفتاری دادوەران دوورخستنەوەی دادوەران نییە لە کۆمەڵگە، بەڵکوو ئامانج لێی، ڕەفتارکردنە بەوریایی و خۆپاراستنی دادوەرە لە هەموو ڕەفتارێک کە گومان دەخاتە سەر سەربەخۆبوون و ڕاستگۆییی دادگە و دادوەران لەنێو کۆمەڵگەدا.

هەر بۆیە، ڕێسای ڕەفتاری دادوەران، نابێت ڕێسایەکی نموونەیی بێت، چونکە لە کۆتاییدا ئەم ڕێسایە بۆ دادوەران نووسراوەتەوە کە ئەوانیش مرۆڤن و بەشێکن لەم کۆمەڵگەیە؛ بۆیە دەبێ ئەم ڕێسایە زۆر واقعییانە بێت و ڕێسایەکی تێدا نەبێت کە جێبەجێکردنی ئەستەم بێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، پێویستە هەموو دادوەران پابەندی ئەو ڕێسایە بن بۆ ئەوەی ڕەفتار و گوفتاری دادوەران لەمەڕ بابەتەکاندا هاوشێوە یان بەلایەنی کەم نزیک یەکتر بن بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ئاماژەپێکراو.

**تایبەتمەندییەکانی ڕێسای ڕەفتاری دادوەران لە هەرێمی کوردستان**

بە شێوەیەکی گشتی، ڕێسای ڕەفتاری دادوەران لە هەرێمی کوردستان بە چەندان تایبەتمەندی دەناسرێتەوە کە ئەمانە گرینگترینیانن:

1. ڕێسای لاستیکین (مرن) و چوارچێوەکردن و دیاریکردنی ماناکانیان کارێکی ئەستەمە؛ بۆیە ئەنجومەنی دادوەری هەرچۆنێکی بووێت، ئاوا دەتوانێت لێکدانەوە بۆ مانای وشە و ڕستەکانی نێو ڕێساکانی ڕەفتاری دادەوەران بکات و بەسەر دادوەراندا بیسەپێنێت.
2. ڕێسای تێکەڵاون و لەنێو یەکتردا تێکهەڵکشاون و لە زۆر باردا جیاکردنەوەیان ئەستەمە؛ بۆ نموونە جیاکردنەوەی ڕێساکانی سەربەخۆبوون و ڕێساکانی بێلایەنی. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە کێشە لە ڕێزبەندی باسکردنی بابەتەکاندا هەیە و بە زنجیرەیەکی لۆژیکی بابەتەکان ڕێک نەخراون؛ بۆ نموونە لە چەندان شوێنی جیاوازدا باس لە چۆنێتیی مامەڵەکردنی دادوەران لەگەڵ پارێزەراندا دەکات، کەچی دەبوایە هەموو ئەو ماددانە لەژێر چەتری یەک فەسڵدا کۆ بکرابایەوە بە ناوی "چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ پارێزەران".
3. ئەم ڕێسایانە لەسەر شێوەی نموونە هاتوون، نەوەک بەقەتیسکراوی (الحصر)؛ بۆیە دەکرێت بە دەیان و سەدان حاڵەتی لەسەردا بپێورێت، بێ ئەوی بە لادان لەم ڕێسایانەدا هەژمار بکرێت.
4. ئەم ڕێسایانە هیچی نوێی تێدا نییە، بەڵکوو دووبارەکردنەوەی ئەو ڕێسایانەیە کە لە تەواوی جیهاندا بەسەر دادوەراندا دەسەپێندرێت.
5. ئەم ڕێسایانە بەسەر دوو بەشدا دابەش کراون: بەشێکیان پێویستە لەسەر دادوەر جێبەجێیان بکات و بەشەکەی تریش، پێویستە لەسەر دادوەر، خۆی لێیان بەدوور بگرێت. لە هەردوو بەشدا،

ئەرک لەسەر شانی دادوەر هەیە و، پێویستە بەبەردەوامی جێبەجێی بکات.

6. ئەم ڕێسایانە بە سزای کارگێڕی لکێندراون، بۆیە سەرپێچیکردنی ئەم ڕێسایانە سزای کارگێڕیی بەدواوە دێت ئەگەر هات و سەلمێنرا کە داوەر ڕەفتاری سەرپێچیکردنی ئەنجام داوە. بێ گومان سزا و ڕێکارەکانیش تایبەتمەندیی خۆیان هەیە کە ڕەچاوی پێگە و ڕێزی دادوەر لە کۆمەڵگەدا کراوە و، ئەمەیش لە ماددەکانی 65-69 لە ڕێسای ڕەفتاری دادەوەرانی هەرێمی کوردستان ڕەنگی داوەتەوە.
7. لە کۆی 70 ماددەی ڕێسای ڕەفتاری دادوەراندا، ئەنجومەنی دادوەری دەتوانێت لە ناوەڕۆکی 42 ماددەدا چاودێریی ڕەفتاری دادوەران بکات، بەتایبەتی ئەوانەی لەنێو حەرەمی دادگەکاندا پیادەی دەکەن؛ بەپێچەوانەوە لە ناوەڕۆکی 25 ماددەدا تەنیا دادوەران چاودێرن بەسەر خۆیاندا و، دەتوانن چەندان ڕەفتار ئەنجام بدەن بێ ئەوەی ئەنجومەنی دادوەری لێی ئاگادار بێت. بۆیە گرینگیدان بە چاودێریی کارگێڕیی ئەنجومەنی دادوەری بەسەر ڕەفتاری دادوەراندا، پێویستە هاوتەریب بێت لەگەڵ تیشکخستنە سەر چاودێریکردنی دادوەر بەسەر ڕەفتارەکانی خۆیدا، بێ ئەوەی هیچ کەس و لایەنێک ئاگاداری بکاتەوە.

**کۆسپەکانی بەردەم پابەندبوونی دادوەران بە ناوەڕۆکی ڕێسای ڕەفتار**

کێشەی سەرەکیی دەزگەی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، بریتییە لە دەستوەردان لە کاروباری دادگەکان و بڕیاری دادوەران؛ ئەم دەستوەردانەیش بە چەندان شێوە خۆی دەنوێنێ وەک: دەستوەردانی حکوومەت، یان حزب، یان سەرۆکی دادگە، یان پارێزەر، یان خێزان، یان خزم، یان عەشیرەت، یان هاوڕێ، یان دراوسێ، یان... .

ڕێسای ڕەفتاری دادوەران هەوڵی داوە سەرنجی دادوەران بۆ ئەو مەترسییە ڕابکێشێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ڕەنگە وەک پێویست نەبێت. لەم خاڵانەی خوارەوە تیشک دەخەمە سەر گرینگترین ئاڵنگارییەکانی بەردەم پابەندبوونی دادوەرانی هەرێمی کوردستان بە ڕێسای ڕەفتاری کاری دادوەریدا:

1. **پەیوەندیی دادوەر لەگەڵ دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان) و دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکوومەت):**

بەپێی ماددە 5 و، هەروەها بڕگە یەکەم لە ماددە 9 لە ڕێسای رەفتاری دادوەران، نابێت دادوەر هیچ پۆستێکی فەرمیی لە حکوومەت یان پەرلەماندا هەبێت و، هەروەها پێویستە دادوەر خۆی بەدوور بگرێت لە هەر پەیوەندییەکی نەگونجاو (غیر ملائم) لەگەڵ حکوومەت و پەرلەماندا؛ چ وەک فەرمانگە یاخود کەسەکانی نێو فەرمانگە وەک کاربەدەستانی حکوومەت، یان ئەندام پەرلەمانەکان و هتد.

لەم ڕێسایەدا ڕوون نییە کە مانای دەستەواژەی "پەیوەندیی نەگونجاو" چییە؟ بۆیە هەمیشە لە بەردەم ئەو پرسیارەدا دەمێنینەوە: ئایا ئەم پەیوەندییە گونجاوە یاخود نەگونجاوە؟ بۆ نموونە: سەردانیکردنی دادوەر بۆ لای کاربەدەستێکی باڵا لە حکوومەت یاخود پەرلەمان، یان وێنەگرتنی دادوەر لەگەڵ کاربەدەستێکی حکوومەت یان پەرلەمان لە سۆشیال میدیا و بڵاوکردنەوەی، یان میوانداریکردنی ئەم کاربەدەستانە لەماڵی دادوەر یان لە چێشتخانەیەک یان... .

ئەم حاڵەتانە و چەندان حاڵەتی تری هاوشێوە هەمیشە جێگەی پرسیار دەبن، چونکە کێشەی سەرەکیی ڕێسای ڕەفتاری دادوەران ئەوەیە، زۆر گشتگیر نووسراوەتەوە و وشەکانی لاستیکین و چەندان مانا لەخۆ دەگرن و نموونەی تێدا نییە بۆ ئەوەی دادوەر بتوانێت لە ڕێگەی ئەم نموونانەوە زیاتر لە مانای وشەکان بگات و حاڵەتی تری هاوشێوە یان نزیک لەو، لەسەریدا بپێوێت.

2. **پەیوەندیی دادوەر لەگەڵ هاوپیشەکانی و سەرۆکەکەی:**

بەپێی هەردوو ماددەی 6 و 7 لە ڕێسای ڕەفتاری دادوەران، لەسەر دادوەر پێویستە دەست لە کاروباری دادوەرە هاوپیشەکانی وەرنەدات و، نابێت ڕێگەیش بە دادوەرە هاوپیشەکانی بدات کە دەست لە کاروبارەکانی وەربدەن و، هەروەها نابێت ڕێگە بە سەرۆکەکەیشی بدات کە دەست لە کاروباری وەربدات.

جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە لە ژینگەیەک کە تەکلیفکردن (داواکاری) لە یەکتری بووبێتە دیاردە، کارێکی ئاسان نییە؛ ئەمە جگە لەوەی کە لە کۆمەڵگەی کوردستانی پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای ڕاددەی جێبەجێکردنی تەکلیفەکان دەپیورێت.

بۆیە دەپرسم و وەڵامەکەیش بۆ ئەنجومەنی دادوەری جێ دەهێڵم: چۆن دەتوانی ئەو تەکلیفکردنە لە یەکتر، سنووردار بکەی؟ کامە تەکلیفکردن لای ئێوە هێڵی سوورە: ئەوەی ڕەش دەکاتە سپی، یان ئەوەی لە سنووری دەسەڵاتی دادوەرە جێبەجێ بکات بێ ئەوەی بە سەرپێچیی یاسا هەژمار بکرێت؟

گومانم هەیە کە ئەنجومەنی دادوەری بتوانێت سنوورێک بۆ ئەم دیاردەیە دابنێت؛ کەواتە تۆپەکە لە یاریگەی خودی دادوەرە؛ ئایا دەتوانێت بەتەنیا ئەو کارە بکات؟ ئایا دادوەر ئامادەیە هیچ تەکلیفێک نەکات و هیچ تەکلیفێکیش قبووڵ نەکات لە کۆمەڵگەیەک کە تەکلیفکردن تیایدا ڕەگی داکوتایە؟!

3. **پەیوەندیی دادوەر لەگەڵ خزم و دۆست و کەسە نزیکەکانی:**

بەپێی بڕگەی پێنجەم لە ماددە 1 لە ڕێسای ڕەفتاری دادوەران لە هەرێمی کوردستان، مەبەست لە خانەوادەی دادوەر خزمەکانییەتی تاوەکوو پلە چوار و، هەروەها هاوسەر و خزمەکانی هاوسەرەکەیەتی تاوەکوو پلە چوار.

لەم ڕێسایەدا چەندان ماددە تەرخان کراوە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی دادوەر لەگەڵ خزم و دۆست و کەسوکارەکانی، وەک ماددەکانی 8 و 9 و 12 و 14 و 19 و 29؛ چونکە هەموو ئەو کەسانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەست لە کاروباری دادگەکان وەردەدەن. ڕەنگە ئەمەیش هۆکاری سەرەکی بێت بۆ ئەوەی دادوەرەکان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا لاواز بن بۆ ئەوەی ڕەفتارەکانیان لێکدانەوەی خراپی بۆ نەکرێت.

بە بۆچوونی ئێمە، پێویستە دادوەرەکان زیاتر ڕوو بچنە نێو کۆمەڵگەی کوردستانی و تێکەڵاوی ئێش و ئازارەکان ببن بۆ ئەوەی لە کێشە و گرفتەکان بگەن و، لە لێکدانەوەی ڕەفتارەکانیان نەترسن. بەڵام جێبەجێکردنی ئەم بۆچوونەی ئێمە، پێویستە هاوتەریب بێت لەگەڵ چەسپاندنی دوو بیرۆکەی سەرەکی: یەکەمیان، نابێت دادوەر ڕێگە بە خزم و کەسە نزیکەکانی بدات کە کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکانی هەبێت و، دووەمیان، بڵاوکردنەوەی کەلتووری ئەوەی کە جێبەجێنەکردنی تەکلیفە کۆمەڵایەتییەکان یان ڕێگەگرتن

له دەستوەردان له کاروباری دادوەر، مانای بێڕێزیی کۆمەڵایەتی ناگەیەنێت. ئەگەر ئەم دوو بیرۆکەیە له کۆمەڵگه نەچەسپێندرێت، ئەوا بۆ هەتاهەتایە دادوەر له نێوان ئاگر و گلەیی و گازاندەی کۆمەڵایەتی و ئاگر و گلەیی و گازاندەی ئەنجومەنی دادوەریدا دەمێنێتەوە.

### 4. پەیوەندیی دادوەر لەگەڵ حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا:

له ڕێسای ڕەفتاری دادوەران له هەرێمی کوردستان چەندان مادده تەرخان کراوە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان دادوەر و حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا، وەک ماددەکانی 9 و 19 و 14 و 29. هەموو ئەو ماددانە ڕێگه له دادوەر دەگرن که ببێتە ئەندام له حزبێک یان ڕێکخراوێکی سیاسی یان له چوارچێوەی حزب یان ڕێکخراوێکی سیاسیدا کار بکات، یاخود ئەمانە کاریگەرییان هەبێت لەسەر کەسایەتیی دادوەر له کاتی بڕیاردانەدا.

ئەم ماددانەی سەرەوە ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی مادده 52ی یاسای دەسەڵاتی دادوەرییە له هەرێمی کوردستان، ژمارە 23ی ساڵی 2007 که جەخت له سەربەخۆبوونی دادوەر دەکاتەوە له ڕووی سیاسییەوە.

با ئێمه هەندێک واقعی بین، بۆیە دەپرسم: ئایا بەڕاستی دادوەرەکانمان حزبی نین؟ چونکه له پرۆسەی دامەزراندنی دادوەرەکاندا ئەگەر پێوەرە سیاسی و حزبییەکان جێگەی پێوەرە زانستییەکان بگرێتەوە، ئەوا به تێپەڕبوونی کات دەزگەی دادوەری پڕ دەبێت له دادوەری کەمئەزموون و بێتوانا، بۆیە دیسان دەپرسم: کواڵێتیی کاری دادوەرەکانمان له چ ئاستێکدایە؟

هەمووومان ئەو ڕاستییە دەزانین که سەرەڕای هەبوونی چەندان دەقی یاسایی که ڕێگه له بەحزبیبوونی دادوەر دەگرێت، کەچی هەندێ جار دادوەر دەبینرێت له بۆنه و چالاکی و کۆبوونەوەی سیاسی و حزبیدا بەشدار دەبێت. ئەنجومەنی دادوەری تاوەکوو ئێستا نەیتوانیوە بەیەکجارەکی ئەم دیاردەیە بنبڕ بکات؛ بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە که بۆ نەهێشتنی هەموو سیمایەکی حزبییانە به ڕوخسار و ڕەفتاری دادوەرەکاندا، له هەوڵەکانی بوەستێت. دادوەر وەك هەر هاووڵاتییەك مەیلی حزبیی هەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە، ئەم حزبیبوونەی نەبێتە هۆی لادان له حوکمی یاسا و فەوتانی مافی خەڵك.

به بۆچوونی ئێمه کێشه لەوە نییە که دادوەر حزبی بێت یاخود نا، بەڵکوو کێشەکە ئەوەیە؛ ئایا حزب تا چەند کاریگەریی هەیە لەسەر بڕیارەکانی دادوەر؟ ئەمە له لایەك، له لایەکی دیکەوە حزبە سیاسییەکان، چ وەك حزب یان کادیرەکانیان، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستوەردان لە کێشە و دەعواکاندا دەکەن به مەبەستی یەکلاییکردنەوەیان له قازانجی لایەنێکی کێشەکە؛ که ئەمەیش سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری دەخاتە مەترسییەکی گەورەوە. بۆیە دەسەڵاتی دادوەری، نابێت چاوەڕێی ئەوە بێت ئەم دەستوەردانە بوەستێنرێت، بەڵکوو دەبێت دادوەرەکان خۆیان کاری جددی بکەن بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ ئەم دەستوەردانە دابنێن که بە تێپەڕبوونی کات ڕەنگە بنبڕ ببێت.

### 5. پەیوەندیی دادوەر لەگەڵ پارێزەرەکان:

پارێزەر به دادگەی ڕاوەستاو (القضاء الواقف) و به یەکێک له کۆڵەکە سەرەکییەکانی پرۆسەی دادوەری هەژمار دەکرێت که یارمەتیدەری دادوەرە بۆ گەیشتن به ڕاستییەکان و دەرکردنی بڕیاری دروست بۆ

گێڕانەوەی مافەکان.

ئەم بابەتە تەنیا ئەو دیوە جوانەی نییە، بەڵکوو دیوێکی تری ناشرینی هەیە کە لە شکۆی دادوەر و پارێزەرەکانیشدا ناوەشێتەوە، ئەویش دەستوەردانی پارێزەرانە لە کاروباری دادگەکاندا. هەر بۆیە لە ڕێسای ڕەفتاری دادوەران لە ماددەکانی 18 و 20 و 34 و 43 و 59 پەیوەندیی نێوان دادوەر و پارێزەر ڕێک خراوە، بەڵام دیسان بە شێوەیەکی ناڕوون.

بەپێی ئەم ڕێسایە، نابێت دادوەر لە دەرەوەی دادگە چاوی بە لایەنەکانی دەعوا یان پارێزەرەکانیان بکەوێت، یاخود لە ماڵەوە میوانداریيان بکات و، هەروەها نابێت دادوەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارێزەراندا قووڵ یان توندوتۆڵ بکات و، ئەمە جگە لەوەی نابێت بێڕێزیان لە بەرامبەردا بکات و پێویستە گوێیان لێ بگرێت و بەیەکسانی سەیری هەموویان بکات.

بە بۆچوونی ئێمە جێبەجێکردنی بڕگەی پەیوەست بە توندوتۆڵبوونی پەیوەندیی نێوان دادوەر و پارێزەر هەروا ئاسان نییە، چونکە ڕۆژانە دەبینین دادوەر و پارێزەر پێکەوە سەفەر دەکەن و پێکەوە نان دەخۆن و پێکەوە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان بەجێ دەگەیەنن و هەندێ جار دەگاتە ڕاددەی دروستکردنی خزمایەتی وەک: ژنهێنانی دادوەر لە کەسێکی نزیکی پارێزەر، یان دادوەرێک و پارێزەرێک دەچنە نێو پرۆسەی هاوسەرگیری و هتد.

هەر بۆیە، پێویستە لەسەر ئەنجومەنی دادوەری بە شێوەیەکی ڕوون و بەدیاریکراوی مەبەست لە دەستەواژەی "پەیوەندیی توندوتۆڵ و قووڵ" ڕوون بکاتەوە بۆ ئەوەی لە ئێستاوە دادوەر بزانێت کەچی ڕێگەپێدراوە و چی قەدەغەکراوە؛ لەبەر ئەوەی ناکرێت ئەم بابەتە بۆ مەزەندە و لێکدانەوەی خودی دادوەر جێ بهێڵدرێت، چونکە ئەوکات ڕەفتارەکان جیاواز دەبن لە دادوەرێک بۆ دادوەرێکی ترەوە و حیکمەت لە دەرکردنی ڕێسای ڕەفتاری دادوەراندا نامێنێت.

6. **پەیوەندیی دادوەر لەگەڵ لایەنەکانی** دەعوا **(لایەنەکانی داوا):**

ڕێسای ڕەفتاری دادوەران لە هەرێمی کوردستان زۆرترین ماددەی یاسایی بۆ ڕێکخستنی ئەم پەیوەندییە ڕێک خستووە، وەک ماددەکانی 8 و 11 و 13 و 14 و 15 و 16 و 17 و 18 و 22 و 23 و 32 و 34 و 43 و 44 و 58 و 59. هەموو ئەو ماددانە جەخت لە پێویستیی بێلایەنبوونی دادوەر دەکەنەوە لە کاتی دادبینیدا و، نابێت لەبەر هەر هۆکارێکی نایاسایی پشتگیریی لایەنێک لەسەر حسابی لایەنێکی تر بکات.

ئاڵنگاریی گەورە لێرەدا ئەوەیە: چۆن ڕێگری لە شکاندنی پڕەنسیپی بێلایەنبوونی دادوەران دەکرێت؟ چونکە لە کۆمەڵگەی کوردستانی ئەگەری ئەوە هەیە، لەبەر هەر هۆکارێک بێت، لایەنێکی دەعوا (**(لایەنێکی داوا)** کاریگەریی هەبێت لەسەر گۆڕینی ئاراستەی دادبینی و ئەو بڕیارەی کە لێی دەردەچێت بەهۆی دەستوەردانەوە. بۆیە، پێویستە ڕاهێنان بە دادوەران بکرێت بۆ چۆنێتیی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم جۆرە حاڵەتانە، چونکە لە کۆتاییدا ئەم بابەتە، ویژدان و ڕەفتاری خودی دادوەر یەکلایی دەکاتەوە.

7. **ئاماژەدان بە سیفەتی دادوەری:**

بەپێی ماددە 10 لە ڕێسای ڕەفتاری دادوەران، قەدەغەیە دادوەر سیفەتی دادوەریی خۆی ئاشکرا بکات لە

دەرەوەی چوارچێوەی کاری دادوەری، بەبێ ئەوەی هۆکارێکی پێویست هەبووبێت و، هەروەها قەدەغەیە لەسەر دادوەر کە ئاماژە بە دەسەڵاتی خۆی وەک دادوەر بکات یاخود لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی تردا هەژموونی خۆی بەکار بهێنێت.

هەموومان ئەوە دەزانین، کەم تا زۆر، هەندێک لە دادوەران ئەم کارە ئەنجام دەدەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هێشتا ناوەڕۆکی ئەم قەدەغەکردنەی کە پێویستە دادوەر پێوەی پابەند بێت، ڕوون نییە. بۆیە دەپرسم و وەڵامەکەیش بۆ ئەنجومەنی دادوەری جێ دەهێڵم: ئایا قەدەغەیە دادوەر ناسنامەی دادوەریی خۆی لە خاڵەکانی پشکنین نیشان بدات؟ ئایا قەدەغەیە دادوەر ناسنامەی دادوەری نیشان بدات بۆ ئەوەی جیاوکێکی کۆمەڵایەتی وەربگرێت، لە بارێکدا ئەگەر وەک کەسێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت ئەوا شکۆی وەک دادوەر لە چاوی دەوروبەریدا کەم دەبێتەوە؟ ئایا ئاساییە دادوەر ئاماژە بە دەسەڵاتەکانی خۆی بکات بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییە کەسییەکانی خۆی؟ ئایا ئاساییە دادوەر ناسنامەی دادوەری نیشان بدات بۆ ئەوەی لە سڕەدا نەوەستێت؟

8. **بەشداریکردن لە بۆنە فەرمی و نافەرمییەکان و سەردانیکردنی شوێنەکان:**

بەپێی هەردوو ماددەی 21 و 36 لە ڕێسای ڕەفتاری دادوەران، لەسەر دادوەر پێویستە بەشداری لە بۆنەیەکی فەرمی و نافەرمی نەکات و سەردانی شوێنێک نەکات کە لە شکۆی کاری وەک دادوەر کەم دەکاتەوە، یاخود گومان لە سەربەخۆبوونی یاخود بێلایەنبوونی دروست دەکات.

لەم حاڵەتەیشدا تۆپەکە دیسان لە یاریگەی خودی دادوەرە، کە خۆی لێکدانەوە بۆ ناوەڕۆکی ئەم دوو ماددەیە بکات کە ئەمەیش خۆی لە خۆیدا بە خاڵی لاوازی ڕێسای ڕەفتاری دادوەران هەژمار دەکرێت، چونکە لە جیاتی ئەوەی ڕەفتارەکان یەک بخرێن، ئەوا هەمەجۆری لە ڕەفتاردا بەدی دەکرێت؛ بۆ نموونە، کامیان لە شکۆی دادوەر کەم دەکاتەوە: دانیشتن لە چایخانە یاخود دانیشتن لە کافتریا مۆدێرنەکان بۆ ئەوەی چایەک بخواتەوە؟ کامیان لە شکۆی دادوەر کەم دەکاتەوە: ڕاکردن لەسەر شەقام بە مەبەستی وەرزشکردن، یاخود ڕاکردن لە پارکدا؟ کامیان لە شکۆی دادوەر کەم دەکاتەوە: نانخواردن لەسەر شەقام یان نانخواردن لە چێشتخانەیەکی میللی یان نانخواردن لە چێشتخانەیەکی گرانبەها؟ کامیان لە شکۆی دادوەر کەم دەکاتەوە: بەشداریکردن لە بۆنەیەکی نیشتمانی یان بەشداریکردن لە بۆنەیەکی ئایینی یان بەشداریکردن وەک کەسایەتییەک لە مەراسیمێکی حزبی؟ ئەمانە هەمووی پرسیارن؛ پێویستە ئەنجومەنی دادوەری وەڵامی ڕوونی هەبێت بۆیان بۆ ئەوەی هەمەچەشنی لە ڕەفتارکردنی دادوەراندا لەمەڕ بابەتێکی دیاریکراو، دروست نەبێت.

9. **دادوەر و چۆنێتیی پیادەکردنی ماف و ئازادییەکانی:**

ماددەکانی 51–57 تەرخان کراوە بۆ ڕێکخستنی ماف و ئازادییەکانی دادوەر و چۆنێتیی پیادەکردنیان. لەم بارەیەوە دادوەر بۆی هەیە مافی ئازادیی ڕادەربرین و بیروباوەڕ پیادە بکات بە مەرجێک لە شکۆی دادگە نەدات و لە پێگەی خۆی وەک دادوەر کەم نەکاتەوە و کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر سەربەخۆبوون و بێلایەنبوونی خۆی نەبێت. دیسان دەپرسم: کامانەن ئەو ڕا و دەربڕینانەی کە لە شکۆی دادگە و دادوەر کەم دەکاتەوە؟ ئایا دادوەر دەتوانێت مان بگرێت؟ ئایا دەتوانێت وەک هاووڵاتییەک بەشداریی خۆنیشاندان بکات؟ ئایا دەتوانێت ڕەخنە لە ئەدای حکوومەت بگرێت؟ ئایا دەتوانێت سەرنج و تێبینیی هەبێت لەسەر

یاساکانی پەرلەمان و ڕەخنە بگرێت؟

سەرەڕای ئەمانەیش، بەپێی مادده 55 لە هەمان ڕێسادا، دادوەر بۆی نییە ئاراستەی بیرکردنەوەی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئایینی یان بیروباوەڕی خۆی بڵاو بکاتەوە؛ ئەوەی کە گومان دەخاتە سەر دەستپاکی یان بێلایەنیی دادوەر، یان متمانە بە دادگە کەم دەکاتەوە. دیسان ڕوون نییە کامە ئاراستە قەدەغەکراوە؟

10. **مامەڵەکردن لەگەڵ سۆشیال میدیا:**

بەپێی مادده 56 لە ڕێسای ڕەفتاری دادوەران، بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لەلایەن دادوەرانەوە کارێکی قەدەغەکراو نییە، بەڵام لەسەر دادوەر پێویستە خۆی بەدوور بگرێت لە بڵاوکردنەوەی وێنەیەک یان ڤیدیۆیەک کە لە شکۆی دادوەر کەم بکاتەوە.

زۆر ڕوون نییە ئەنجومەنی دادوەری چیی لە دادوەران دەوێت لە سۆشیال میدیادا، چونکە لە سۆشیال میدیادا هەر وێنە و ڤیدیۆ بڵاو ناکرێنەوە، بەڵکوو لایک و کۆمێنت و پۆست و شێرکردن و...ی تێدایە؛ ئەی لە ئەمانەدا دادوەر چی بکات؟

دەپرسین: کامانەن ئەو وێنە و ڤیدیۆیانەی کە لە شکۆی دادوەر کەم دەکاتەوە؟ وێنە و ڤیدیۆی کەسی؟ یان پێکەنیناوی؟ یان تەنزئامێز یان گۆرانی یان دراما یان...؟ کەسێک لە فەیسبووک ڕەخنە لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەگرێت و دادوەرێک لایکی بۆ کرد، ئایا ئەم ڕەفتارە قەدەغەکراوە؟ دادوەرێک شیعرێکی لە ئینستاگرام بڵاو کردەوە و وەسفی لەشی ئافرەتی تێدایە یاخود باس لە خۆشەویستی دەکات، ئایا ئەم کارە لە شکۆی دادوەر کەم دەکاتەوە؟ دادوەرێک ڤیدیۆی خۆی و منداڵەکانی لەناو بەفردا کە شەڕەبەفر دەکەن لە فەیسبووک بڵاو کردەوە، ئایا ئەم ڤیدیۆیە لە شکۆی دادوەر کەم دەکاتەوە؟ ئەمانە هەمووی پرسیاری بێوەڵامن.

11. **دادوەر و بازرگانیکردن:**

بەپێی بڕگە یەکەم لە مادده 9 لە ڕێسای ڕەفتاری دادوەران، دادوەر بۆی نییە کاری بازرگانی بکات؛ ئەمەیش مانای ئەوەیە، دەبێت تەنیا پشت بە مووچەی خۆی ببەستێت. ئەگەر ئەم ڕێسایە ڕاست بێت، کەواتە پێویستە بژێوی دادوەر فەراهەم بکرێت؛ بە شێوەیەك کە دادوەر لە دەرەوەی مووچەکەی خۆی، پێویستیی بە پارەی تر نەبێت. ئەم هەڵوێستەیش بۆ ئەوەیە تاوەکوو دادوەر بتوانێت سەربەخۆییی خۆی بپارێزێت.

ئەگەرچی دادوەرە کۆنەکان بە حوکمی زۆریی خزمەتەکەیان، تا ڕاددەیەك توانای دارایی و مووچەی مانگانەیان زۆر باشە، بەڵام ئەو دادوەرانەی کە لە ئێستادا بەنوێیەتی دادەمەزرێن، باری داراییان باش نییە و مووچەیان وەك پێویست نییە. دادوەرە نوێیەکان لە بەرامبەر هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەدان کە چۆن بتوانن بەو پارە کەمە سەربەخۆییی خۆیان بپارێزن. پێویستە مووچەی دادوەر بگاتە ئەو ئاستەی کە شکۆی دادوەر بپارێزێت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەی سەرەوەیشدا، هێشتا ڕوون نییە ئایا دەکرێت دادوەر وەبەرهێنان بە سەرمایەی خۆی بکات، بەڵام لەژێر ناوی کەسێکی تر؟ ئایا دەکرێت دادوەر پشک لە کۆمپانیای سنووردار (الشرکة

المحدودة) یان پڕۆژەیەکی بازرگانی بکرێت؟ ئایا دەکرێت دادوەر ببێتە ئەندام لە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیایەکی پشکدار (الشرکة المساهمة)؟ ئایا دادوەر دەتوانێت وەک ناوبژیوان (محکم) کار بکات؟ دیسان دەیڵێمەوە؛ ئەو پرسیارانە هەمووی بێوەڵامن، چونکە ڕێسای ڕەفتاری دادوەران ئەوەندە ماددەی تێدا نییە کە بتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە.

### 12. ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان دادوەر و داواکاری گشتی:

یەکێک لە کەموکوڕییە زەقەکانی ڕێسای ڕەفتاری دادوەران ئەوەیە کە باسی لە چۆنێتیی مامەڵەکردنی دادوەر لەگەڵ داواکاری گشتی نەکردووە؛ بە واتایەکی تر لەم ڕێسایەدا پەیوەندیی نێوان دادوەر و داواکاری گشتی ڕێک نەخراوە و باسی لێوە نەکراوە. ئەم هەڵوێستەیش جێگەی ڕەخنەیە، چونکە داواکاری گشتی لە تەنیشت دادوەر دادەنیشێت و کاری پێکەوەییان هەیە؛ بۆیە ناکرێت پەیوەندییەکەیان ڕێک نەخرێت و بەک نەخرێت و بۆ لێکدانەوە و مەزەندەی دادوەر جێ بهێڵدرێت.

### 13. بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی دادوەران:

لەم ڕێسایەدا، بەتایبەت لە ماددەکانی 39 و 40 و 41، بە دادوەران ڕاگەیەندراوە کە پێویستە ڕادده و ئاستی زانینی خۆیان لەمەڕ ناوەڕۆکی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییيە بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان بەرز بکەنەوە و ئاگاداری نوێترین زانیاری بن لەمەڕ ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و، هەروەها لێهاتوویی و کارامەییی خۆیان لە زانستی یاسادا فراوان و زیاد بکەن.

ئەم ئەرکە لە کاتێکدایە ڕەنگە وەک پێویست ئەنجومەنی دادوەری- بە بیانووی کەمیی ژمارەی دادوەران- ڕێگە بە دادوەران نەدات کە خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا) تەواو بکەن، یاخود لە زانکۆکان وانە بڵێنەوە؛ کە بەم دوو ڕێگەیەیش ئاستی مەعریفی و زانستیی دادوەران زیاتر و فراوانتر دەبێت!

### 14. ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان:

بەپێی ماددە 33 لە ڕێسای ڕەفتاری دادوەران، لەسەر دادوەران پێویستە ڕێزی هەمەچەشنی و جیاوازییەکانی نێو کۆمەڵگە بگرن؛ سەرچاوەکەی هەر چییەک بێت: چ بنەچە بێت، یان ڕەنگ یان، ڕەگەز، یان ئایین، یان نەتەوە، یان پلەبەندیی کۆمەڵایەتی، یان لە پەلوپۆکەوتن، یان تەمەن، یان باری خێزانداری، یان مەیلی سێکسی، یان باری کۆمەڵایەتی، یان باری ئابووری و هتد.

ئەوەی لێرەدا لای ئێمە جێگەی سەرنجە، پابەندکردنی دادوەرانە بە ڕێزگرتنی جیاوازی، هەتا ئەگەر سەرچاوەکەی مەیلی سێکسی بێت. مەیلی سێکسی واتا چوونە نێو بابەتی جێندەرناسی. ئەمە لە کاتێکدایە ئەم جۆرە مەیلە سێکسییە و بابەتی جێندەرناسی بەپێی لێکدانەوەی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان ڕێگەپێنەدراوە، وەک: بڕگە یەکەم لە ماددە 2، و بڕگە دووەم لە ماددە 13، و ماددە 14، و بڕگە یەکەم أ لە ماددە 29 لە دەستووری کۆماری عێراق و، ماددەکانی 210 و 393 و 394 و 400 و 401 و 402 و 403 و 404 لە یاسای سزادانی عێراقی و، هەروەها تەواوی ماددەکانی یاسای "مکافحة البغاء" کە لە ساڵی 1988 دەرکراوە؛ ئەمە جگە لە بڕگە 1 لە ماددە 3 لە یاسای باری کەسیی عێراقی دوای هەموارکردنی لە هەرێمی کوردستان. هەر بۆیە دەپرسم: ئەم دەستەواژەیە چۆن تێ پەڕی و چۆن کەوتە نێو ڕێسای ڕەفتاری دادوەران؟ ئایا بەهەڵە هاتووە؟ یان نییەتێکی تری لە پشتەوەیە؟

**کۆبەند**

لەبەر ئەوەی ڕێسای ڕەفتاری دادوەران وشە و دەستەواژەی ناڕوون و نادیاریکراوی زۆری تێدایە و، لەبەر ئەوەی ئەم ڕێسایە میکانیزمی جێبەجێکردنی تێدا نییە و، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەم ڕێسایە نموونەی تێدا نییە بۆ زیاتر تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی ئەرکەکان، بۆیە گومانمان هەیە لەوەی بتواندرێت لە ڕێگەی ئەم ڕێسایەوە ڕەفتاری دادوەران ڕێک بخرێت و یەک بخرێت بەو شێوەی کە ئەنجومەنی دادوەری دەیەوێت. ئەمە جگە لەوەی هەبوونی ڕێسای ڕەفتاری دادوەران بەتەنیا بەس نییە بۆ باشترکردنی ڕەفتاری دادوەران، بەڵکوو پێویستە پێوەرەکانی وەرگیران لە پەیمانگەی دادوەری بۆ بوون بە دادوەر، پێوەری زانستی بن و لەسەر بنەمای لێهاتوویی و شیاوی بێت و، دوور بێت لە هەموو پێوەرێکی نازانستی، وەک پێوەری سیاسی و پێوەری حزبیبوون و پێوەری ئینتیما بۆ عەشیرەت؛ ئەوە ئەگەر بەڕاستی ویستی ئەوەمان هەبێت کە دەسەڵاتێکی دادوەریی سەربەخۆ و بێلایەنمان لە هەرێمی کوردستان هەبێت.